# ترپەی پێی سرووتەکانی مەرگ ...

دەقی : تەها سلێمان
Tahasleman17@yahoo.com



تەماشای ئەم ئێوارەیە بکە،
تەنها لەڕەنگی هەناسەی تۆ دەچێ و
وەک تۆش گۆرانی بۆ دەریا دەچڕێ.
تۆ قەت ئێوارەی وا پڕ لە ڕەنگی جوان و
پڕ،
زەنگیانەی وردی شینت دیوە؟
تۆ قەت ئیوارەی وا پڕ لەگۆرانی حەنین و
پڕ،
لە گوڵە بەیبوونت دیوە؟
تەماشای ئەم ئێوارەیە بکە،
تۆ قەت ئێوارەی وا پڕ بارانت دیوە ؟
من نازانم نەوەی کام لەوەرزەکانی گوومانم و
دایکیشم پێی نەوتووم،
بۆچی تاڵ تاڵی مووی سەرم هەربەمناڵی سپی بوو؟
یەکەم کەسیش کە قەرزداری بم باوکمە،
چونکە ئەو فێری کردم رستێک لە لەحەرفەکانی خۆشەویستی بناسم.
ئاخر باوکم هەمیشە کەیلی ئەوە بوو،
ئێمە جوان پەرست بین و
کتێب هاوڕێمان بێ.
تەماشای ئەم ئێوارەیە بکە،
کە پڕ پڕە لە وردە زەنگیانەی گیرفانەکانی هەناسەی من و
بۆ گەردنی بلورینی تۆ ،
بای باڵی سەفەر هەڵی گرتوون.

تەماشای ئەم ئێوارەیە بکە،

ترپەی پێی سرووتەکانی مەرگ دەرگای ماڵەکەمان دەکوتیٚ و

کوژەکە شینەکانی دەرگای ماڵەکەمان ورد و خاش دەکا.

ئێوارەیەک ،

بوار نادا قەسیدەکانم کۆکەمەوەو

ڕۆشناییەک ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی موناجاتەکانی باوکم،

بۆ داپیرم بنوسمەوە.

من ئێستا وەک خۆم بین بەتەنیاییەکانی خۆمەوە دەنێم و

لەنێوان ،

ئێوارەیەک کەبۆنی هەناسەی تۆی لێدیٚ و

ئێوارەیەک پڕەلە گۆرانی عەشق و

ئێوارەیەک دیوی ناوەوەی هەستم ،

ترپەی پێی سرووتەکانی مەرگ بەئاگای دێنیٚ.

تا ئەو پەڕی شێتبوون شێت بووم و

خەریکە لێلاٚییم بۆ هاتنێک وەک ئەو سپی و

وەک داپیرم پڕ لە لووتف و

وەک دایکم فەقیر و

وەک باوکم پڕ لە موناجاتی پاک داییٚ.

دەی چۆلەکە فەقیرەکەی کوژراو بە توومەتی سووتاندنی خەرمانی موحەمەد،

بەدیارچیەوە دانیشتوویی و

دەتەویٚ لەم ئێوارەیەیی بۆ من تەنها چاوەڕوانی و

بۆ تۆش تەنیٚ نەفرەت ،

چی بچنیتەوە؟

برۆ بە ئەو بلیٚ :

ماڵی دڵم هەموو بە زەنگیانەی شین بۆ چنیوەو

ئەگەر ڕۆژێک هاتەوە ئێرەو منی لێنەبوو،

بەزمانی تۆ هەڵهاتنم بکا دێمەوە.

ئێژم چۆلەکە گیان،

تۆ پێی بڵێ:

ئەو ئێوارەیەیی مەرگ ئامبازم بوو،

قەسیدەیەکی ئەوم کرد بەنەزر با لێم خۆش بێ.

ئاخر چۆلەکە گیان ،

قەسیدەکەی ئەو وەک خۆی گووناه بوو،

وەلێ ئەگەر وام نەکردایە ئیتر دیداری من و ئەو دەبوە فارگۆنی شەمەندە فەرێکی بەتاڵ.

خوایەگیان باوکم ئەو ئێوارەیە چەن پەرێشان بوو،

وەختێ هات و

ووتی:

کوڕی شرینم کەسێک هاتە خەونم و

پەیتا پەیتا دەیوت:

پیاوە نورانیەکەی مەملەکەتی گەرمەسێر،

نووشتەیەک ئەوم بۆ بێنێتەوە ناو هاتن و هەناسەکانی بوون.

دایکیشم،

مەنێک ئاوی تەهارەتی ڕژاندە دەرگای حەوشە و

بە ئەستێرەی سێوەیلی ووت:

چاوم نەزری نووری پاکت،

کوڕەکەم ببەخشە فەقیرییەکانی باخێک پڕ لە مووناجاتی عەشق و

ئەو قەسیدەیەیی هێشتا ،

لەسەرتای نوسینەوەیدایە.

چۆلەکە گیان،

بیرت نەچێ کە چویتە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی ئەو،

پێی بڵێ:

تۆ یەک جار عەشقت ناسی،

نووشتەیەک لەپاڕانەوەکانی عەشق

بۆ  ائەوای هەناسەت بنێرە،

تا ،

زۆرتردێوانه بیٚ و

شێتانه تر خۆشی بوێی..

گوێبگره چۆلەکه فەقیرەکەی هاوڕێم،

کەچویتە ئەویٚ پرٍ دەنووکت هەناسەی پرٍ لە نامۆیی ئەوم بۆ بێنە و

نەختێک لە جوانی ئەویشم ،

بۆ بخەرە بن باڵەکانت و

ڕەشنوسی قەسیدەی بارانم

بۆ بخەرە گیرفانە چکۆلەکەی دڵت و

بیگەیەنەوە ئێرە.

بیرت نەچیٚ چۆلەگیان،

زوو زۆر زوو

بگەڕێیتەوە،

چوون من چاوەڕێم

نەکا ترپەی پێی سرووتەکانی مەرگ بۆ جاری دووەم زەپەرم پێبba و

ئێوارەیەک پرڕلە ئەوم،

پێنەبەخشیٚ.

2006